# بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی کردن بە مرۆڤ



seed foundation
Social Educational Economic Development

## ئێستا بەخشن
بۆ پشتگیریکردنی کارەکەمان!

پەیوەندیمان پێوە بکەن

- www.seedkurdistan.org
- contact@seedkurdistan.org
- facebook.com/SEEDKurdistan
- twitter.com/SEEDKurdistan
- Instagram.com/SEEDKurdistan

## کاریگەری ئێمە

**+٤٥٢**
رزگاربووانی بازرگانیکردن
بە مرۆڤ خزمەتگوزاری پشتیری گشتگیریان پێشکەش کراوە

**+٣١**
رزگاربوان
لە وڵاتەوە پاڵپشتی کرابوون

**+١٨٥**
رزگاربووان
بازرگانی گەڕێندرانەوە وڵاتی خۆیان

**+١٦٤**
دەزگای حکومەت
راهێندرا بۆ بەهێزکردنی لاّمدانەوی دامەزراوەیی

**+٢٦**
دادوەر و داواکاری گشتی و لێکۆڵەری دادوەری
راهێنانیان لەسەر پاراستنی یاسایی و بەکارهێنانی یاسای دژ بە بازرگانیکردنی مرۆڤ کرد

**+٦**
ئامراز گەشەی پێدراوە
بۆ بەهێزکردن و یارمەتی دانی وڵامدانەوەی حکومەت

**∞**
داکۆکردنی بەردەوام
ۆ باشترکردنی پاراستنی یاسایی بۆ رزگاربوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەسەر ئاستی ناوچەیی و نیشتیمانی

## **بەرەنگاربوونەوەی** بازرگانیی کردن بە مرۆڤ

بە هەماهەنگی لەگەڵ حوکمەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای سیید بەردەوامە لە بەرگرتن بە بازرگانیی کردن بە مرۆڤ و پاراستنی ڕزگاربووان و ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسین لە کوردستان. لە پێناو بەرجەستەبوونی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر و هەمەلایەنە لە بەرژەوەندی ڕزگاربووانی بازرگانیی کردن بە مرۆڤ و ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسی بازرگانی پێ کردندان، دەزگای سیید بەردەوامە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتگیر و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان و بنیاتنانی هاوبەشییەکان.

**٢٧.٦** ملیۆن

قوربانی کۆیلایەتیی سەردەمییانە لەسەر ئاستی جیهانی مەزەندە کراوە

## **بازرگانیکردن بە مرۆڤ** چیە؟

دەتواندرێت بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بە دامەزراندنی کەسێک، داڵدان، گواستنەوە، دابینکردن یان بەدەستهێنانی کەسێک بۆ کار یان خزمەتگوزاری پێناسە بکرێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، ساختەکاری یان زۆرەملێ بە مەبەستی ملکەچ بوون بۆ کۆیلاتی نا ئیرادەیی، کۆیلایەتی قەرز یان کۆیلاتی.
قوربانیەکە پێویست ناکات بە شێوەیەکی فیزیکی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە بۆ ئەوەی تاوانەکە بکەوێتە چارچێوەی ئەم پێناسەیە.

| کردارەکان | ماناکان | مەبەست | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ▪ دامەزراندنی خەڵک<br>▪ گواستنەوە<br>▪ داڵدان<br>▪ گۆڕین<br>▪ وەرگرتنی خەڵک | ▪ هەڕەشە<br>▪ هێز<br>▪ زۆرکردن<br>▪ ڕفاندن<br>▪ ساختەکاری<br>▪ فێڵکردن<br>▪ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات<br>▪ خراپ بەکارهێنانی لاوازی<br>▪ بەخشین و وەرگرتنی پارە | ئیستغلالکردن بە لەبەرگرتنەوەی<br>▪ ئیستغلالکردنی سێکسی<br>▪ کاری زۆرەملێ و کۆیلاتی<br>▪ کۆیلاتی نا ئیرادەیی<br>▪ لابردنی ئەندامی جەستە | **بازرگانیکردن بە مرۆڤ** |

## بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە **کوردستان**

| کرێکارانی بیانی | خەڵکی عێراق و کوردستان | منداڵ |
|---|---|---|
| کارکردنی زۆرەملێ | بازرگانیکردنی سێکس | کارکردنی زۆرەملێ (پاڕانەوە) |
| کۆیلاتی ناوماڵ | ئیستیغلالکردن | ئیستیغلالکردنی بازرگانی سێکسی |
| ئیستیغلالکردنی بازرگانی سێکسی | بازرگانیکردن بە ئەندامی جەستەی مرۆڤ | دامەزراوە لەلایەن گروپێکی چەکدار |

## **ڕێبازی** ئێمە

بە ڕێناماییکردنی ڕێبازێکی زانیاری بنەمای مرۆڤ، سەنتەری ڕزگاربووان و ئاگادارکردنەوەی زەبر و زەنگ، سیید کاردەکات بۆ ڕێگریکردن بە مرۆڤ و پاراستنی ڕزگاربووان و ئەوانەی لە مەترسیدان لە ڕێگەی:

١. **پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتگیر**، بەڕێوەبردنی کەیس، یارمەتی نەختینەیی یەکگرتوو، پاڵپشتی تەدروستی دەروونی، خزمەتگوزاری یاسایی و سەنتەری فریاگوزاری.

٢. **بەهێزکردنی توانای دابینکەرانی خزمەتگوزاری**، و وڵامدەرەوەکانی هێڵی پێشەوەی حوکمەت لە ڕێگەی پەروەردەی گشتگیر، ڕاهێنان و بەرنامەی بنیادنانی توانا.

٣. **زیادکردنی هۆشیاری گشتی لەبارەی بازرگانیکردن** بە مرۆڤ و مافی کرێکارانی بیانی و ناوخۆیی لەنێو کۆمەڵگای کوردستان، خاوەنکاران، ڕزگاربووان و ئەوانەی لە مەترسی بازرگانیکردنیان لەسەرە.

٤. **داکۆکیکردن لە گۆڕانکاری دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی** لە ڕێگەی پەرەپێدانی پاراستن، و هاوکاری تەکنیکی کە ئامانجمان بەهێزکردنی یاسا و پاراستنی دامەزراویەکانە وە وڵامدانەوە بۆ ڕزگاربووان و ئەوانەی لەژێر هەرەشەی بازرگانی دان

٥. **هاوبەشی لەگەڵ ئەکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی** دژە بازرگانیکردن بە مرۆڤ بۆ ئاسانکاری فێربوون و هاندانی ڕەوانەکرد لە کاتی خۆیدا و دەستگەیشتن بۆ پاڵپشتی ڕزگاربووان و ئەوانەی لەژێر هەرەشەی بازرگانی دان

## **هێڵی کاتی** ئێمە

٢٠١٣ — دامەزراوی سیید دامەزرا

٢٠١٥ — سیید دەست دەکات بە گەیاندنی پاڵپشتی بۆ ڕزگاربوانی بازرگانیکردن لە کوردستان

٢٠١٩ — سیید یاداشتنامەیەک ئیمزا دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ هاوکاریکردنی ڕەوانەکردنی میکانیزمی کاریگەرو ئاسانکاری بۆ ڕاهێنان بۆ باشترکردنی وڵامدانەوەی دامەزراوەیی

٢٠١٩ — حوکمەتی هەرێمی کوردستان سندوقی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دادەمەزرێنێت

٢٠١٩ — سیید یەکەم پەناگەی مۆڵەتپێدراو بۆ ڕزگاربوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەکاتەوە

٢٠٢٠ — دەستپێکردنی یەکەمین پرۆگرامی دژە بازرگانیکردن لە ماوەی ٣ ساڵدا

٢٠٢١ — سیید یادەشتنامەکە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ نوێدەکاتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ

٢٠٢٢ — ٤٨ وڵامدەرەوە لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانە ڕێکخراویەکان، فەرمانگەی نیشتەجێبوون و بەڕێوەبەرایەتی کار وکاروباری کۆمەڵاتەی لە وەزارەتی وەزارەتی کار و کاروبار دەرچووی کۆرسی تایبەتی سیددن سەبارەت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ

٢٠٢٣ — سیید پارە وەردەگرت بۆ تایبەتمەندیەکی نوێی دوو ساڵ دژ بە بازرگانحکردن بە مرۆڤ